
# ئەفرۆدیسیای دوعا

## بە ناوی "دوعا"ی گەورە و میهرەبانەوە



Der Krieg, Arnold Böcklin

**پۆلا سەعید**

**ئەشق جۆرێکە لە باوەڕ، باوەڕێک، کە مرۆڤ لەپێناویدا ژیانی خۆی بەخت دەکات، دوعا ئیدیالترین نموونەی ئەشقە، کە دەچێتە سەر کۆنتۆی کورد لە باشووری کوردستاندا. هەموو ئەوانەی باوەڕیان بە ئەشق هەیە دەبێت لە مەرگی دوعاوە ئیدی قیبلەیان بگوێزنەوە بۆ بەعشیقە. لە مێژووی کورددا چەندیین چیرۆکی ئەشقمان دیوە، لێ هەرگیز هیچیان وەک ئەشقەکەی دوعا لێوان لێو نەبوون لە تراژیدیا. ئەگەر شەهیدبوون لە ئەستۆگرتنی مەرگێکی جوان بێت، ئەوا دوعا جوانتریین مەرگی هەبوو، مەرگێک لەشێوەی مەرگی عیسا، پڕ ئازار پڕ سوێ پڕ هەوڵی هەستانەوە پڕ جوانیی. خۆشەویستیی بۆ**

ئەشق وەک خۆشەویستیی بۆ زانین وایە (فەلسەفە) مرۆڤ دەبێت هەم باوەڕی پێیبێت هەم کاری بۆ بکات، ئاخر بۆیە هەرکەسێک هات گۆرانییەکی بۆ ئەشق گووت واتای ئەوە نییە ئەو کەسە دڵسۆزی ئەشقە یان باوەڕی پێیەتی، دەشێت کۆمەڵێک فاکتەر پاڵنەری چڕیینی ئەو لاژانە بووبێت نەک باوەڕ وەک ( ناوبانگ دەکردن، بەرهەمهێنانی جوانترین گۆرانیی، نیشاندانی جوانترین هونەری مۆسیقا و گۆرانیی ... هتد) هەروەک چلۆن نۆڤەچێنتۆ ئاشقی ژەنینی پیانۆ بوو، باوەڕ لەلای ئەو مۆسیقا بوو، ژیان لەلای ئەو هەشتا و هەشت دوگمەی ڕەش و سپیی بوو ئاوهاش دەبێت مرۆڤ خۆی لە ئەشقدا بدۆزێتەوە ئەوسا دەتوانێت هەم ئاشق هەم دڵسۆزی ئەشق بێت.

میشێل فۆکۆ دەڵێ (لاپەڕە 280): ئەنتینۆمیی هەرزەکاران" دژەوەستان لە قسەکردندا بەرانبەر ڕستەیەک" لە مۆراڵی یۆنانییەکاندا لە ئەفرۆدیسیادا خۆی دەبینێتەوە " هێزێک بەرەو خۆشەویستیی ڕایدەکێشێت، ئەو هێزەش ئەفرۆدیسیایە خودای خۆشەویستیی یۆنانییە کۆنەکان". پیاوە ئایینییەکان هەمیشە ئەفرۆدیسیایان بە نەخۆشیی پێناسکردووە، نەخۆشیی بەرزبوونەوەی هەوەس لە کچان و کوڕاندا، بەرزبوونەوەیەک، کە دامرکاندنەوەی بۆ نەبێت هەتا ئەزموونکردنی سێکس. فۆکۆ دەڵێ: لەلایەک هەرزەکان یان گەنجەکان وەک کاڵایەکی هەستەکان تەماشا دەکرێن و دەڵێن: هەرگیز نابێت یەکێک هەرزەیەکی خۆشبوێت یان داوای لێبکات خۆشیبوێت و داواکەریش ئاسوودەبێت پێی، بەوپێیە یاسا و هێناپێشەوەی کێشە لەبەردەم کەسی داواکەردا دەبێت ڕێزی لێبگیرێت، "واتە بەپێی یاسا ئایینیی و کۆمەڵایەتییەکان ئەو کەسە دەبێت دادگایی بکرێت و سزا بدرێت". پرسیار لێرەدا ئەوەیە، ئاخۆ بەردبارانکردنی دوعا لەلایەن سەدان پیاوی بێ ویژدان و بێ هەست و هۆشی مرۆڤایەتییەوە جۆرێک بوو لەو سزادانە ئایینییە؟ یان ئەوەتا سیناریۆیەکی سیاسیی لەپشتی پەردەی بەردەبارانکردنی دوعاوە هەیە؟ خاڵێکی تری سەرنجڕاکێش ئەوەیە، کە ئێزیدییەکان هەمیشە بە زمانی تایبەتی خۆیان قسە دەکەن نەک بە عەرەبیی، ئێزیدییەکان بانگی مەلیکە تاوس دەکەن نەک ( الله و اکبر)، نەمانبیستووە یان نەمانبینیوە ڕۆژێک لە ڕۆژان ئێزیدییەکان لەسەر ئابڕوو کچێکی خۆیان بەوشێوە بەربەرییانە بکووژن، دیارە بەردەبارانکردن کلتووری ئیسلامە لەهیچ ئایینێکی تردا ئەم ڕەوشتە بەرچاوناکەوێت، ئەمانە هەمووی شیاوی پرسیار لەسەرکردنە هەتاوەکوو بگەینە ڕەگی کێشەی کووشتنی دوعا. بگەڕێینەوە سەر ئەفرۆدیسیا لەلایەکی ترەوە هەرزەکارەکە دەیەوێت خۆشەویستیی بکات، سێکس بکات گەنجێتیی خۆی پاڵی دەنێت، کە ببێتە پیاو ببێتە ژن، نەک ئەو بڕیار و یاسایە پەسەند بکات، کە وەک کاڵایەکی هەست تەماشابکرێت و هەمیشە بیر لە فۆڕمی گەورەکان بکاتەوە و ئامادەی سزادان بێت. ئەو نایەوێت بەو ڕۆڵە بکووترێت، کە یاسا و دەستەڵات دایناوە. ئەو نایەوێت لە ویستی ئازادی خۆیدا بە چاوی خۆی، خۆی وەک کاڵایەکی هەست تەماشا بکات. هەروەکوو فۆکۆ لە سێکس و ڕاستییەکاندا بەدوای ڕاستییەکدا دەگەڕێت دەگەینە ئەو باوەڕەی، کە دوعا خۆشەویستییەکی قەدەغە پراکتیزە دەکات ئەفرۆدیسیا دوعا ڕادەکێشێت

بۆ ئەشقێکی ترسناک، ئەنتینۆمیی ئەو کوڕەی ئاشقی دوعایە پێدەچێت لە فۆڕمێکی تردابێت، هەرچەندە من نازانم تەمەنی ئەو کوڕە چەندە و کێیە و خاوەنی چ ئایین و باوەڕێکە، هێند لە میدیا کوردیی و بیانییەکاندا باسی لێدەکرێت، کوڕێکی ئیسلامی سوونەیە. ئەگەر شکسپیر لە دەمی هاملێتەوە پێمانبڵێت: (بەمشێوەیە ئاگایی هەموومان دەکات بە ترسنۆک) زۆر دروستە، لێ ئەوەی دوعا لێینەترسا مەرگ بوو، ئاگایی نەیتوانی تۆزقاڵێک چییە کار لە دوعا بکات و بیترسێنێت لە بەردەبارانکردنی. ئێمە دەرزییەک دەچێت بەسەری پەنجەماندا هاوارێکی گەورەمان لێبەرز دەبێتەوە، ئاخۆ هیچ ئازارێک هەبووبێت بەقەد ئازارەکانی دوعا گەورە؟ ئاخۆ مەسیحیش بەو خاچەوە هەمان ئازاری دوعای چەشتبێت؟ بەپێی شتاتیستیکێکی نێودەوڵەتی سەددام حسین لە میانەی فەرمانڕەوایەتیی خۆیدا بووەتە هۆی کووشتنی چوار میلیۆن مرۆڤ، لێ مەرگی سەددام حسین مەرگێک بوو هیچ فریای ئەوە نەکەوت هەست بە ئازار بکات، ئاخۆ تاوانەکەی دوعا لەوەی سەددام گەورەتربووبێت، کە شیاوی ئەو هەموو ئازارچەشتنە بووبێت؟!! ئەگەر نیچە لە پەڕتووکی ئەنتی کریستدا پێیوابێت، کە عیسا مەرگی خۆی بەو خاچەوە پێویست بوو، هەتا لەدوایدا هەڵبستێتەوە، ئەوا دەشێت ژنی کورد پێویستیان بە مەرگی دوعا بووبێت هەتا بیر لە ئازادییەکی ڕاستەقینەی ژنان بکەنەوە، دوعا گەورەترین ڕابەری بزووتنەوەی ئازادیی ژنانە بەبێ ئەوەی خۆی ڕۆژێک لە ڕۆژان لەو بزاڤەدا ئەندام بووبێت. هەقە کچ و کوڕی جاحێڵی کورد لە ئیمڕۆ بەدواوە هەموو ساڵێک لە فالنتیندا بچنە سەر شوێنی بەردەبارانکردنی دوعا و گوڵی سووری خۆیان پێشکەشی مەرگی ئەو بکەن، هەقە شوێنی مەرگی دوعا ئەگەر مەتری زەوییەکەی بە سەد هەزار دۆلار بێت بیکڕن هەتا لەو شوێنەدا پەیکەرێک بۆ دوعا چێبکرێت هەتا ئەو شوێنە بۆ هەتا هەتایە وەک پەڵەیەکی ڕەش بەنێوچەوانی پیاوانی وڵاتی غەدر و خوێنەوە بمێنێتەوە.

حەڤدە بەهار بوویت هاوڕێی تۆ لە نیشتیمانێکی پاکدا
ژیان بە قاقا دەباتە سەر
تۆش لە جەنگەڵی باڵادەستیی پیاودا بە بەرد دەتکووژن ئەی خاکم بەسەر،
سپیی سپیی بوویت لە پاکیی
خاڵیی خاڵیی بوویت لە ڕق
لێوان لێو بوویت لە ئەشق، ئەی شەهیدی خۆشەویستیی،
تۆ حەوایەکی دەرکراویت لە بەهەشت
خودا ئەو دەم نەیتوانی بتکووژێت
خودا لە باخەکەی خۆیدا نەیتوانی بەردەبارانت بکات
بە درەختی زانستدا هەڵتواسێت،
هەنووکە لە زەماوەندی بەردبارانکردنی تۆدا، خودا سەمایەکی ئەفسووناویی دەکات
پیاوێکی سەرخۆش و تووڕەیە، گاڵتە بە کووشتنی تۆ دەکات،

بە تووڕەیییەوە پێکەکەی فڕێدەداتە ناو ئاگردانەکەی بەردەمی و دەڵێ:
هەتا من هەبم بە نەوەکانی ئادەم، نەوەکانی حەوا دەکووژم
حەوا ئەقڵی دایە دەست ئادەم
منیش ئادەمییەکان دەکەمە حەواکووژەکانی سەردەم،
دوعا حەوایەکی مۆدێرنە لە پیاو و خودا و ئایین یاخیی بووە
ئازارێکی لە خوێندا فڕێدراوە، سەراپای لاشەی گوڵی ئەشقی گرتووە،
خودا چێژ لە ئازار وەردەگرێت پیاویش وەک ئەو
پیاوان نۆکەری خودان، هیچ شەوێک بێ تاوان چاویان ناچێتە خەو،
خودا لە ئەقڵی مرۆڤ تووڕەیە، ئەقڵ بکووژی ئەوە
پیاو لە ژن بە قینە، ژن لانکەی هێمنیی شەوە،
خودا تۆڵەسەندنەوەی خۆی لە حەوا دایە دەست پیاو
لەوڕۆژەوە هەتا ئێستا ژن درەختێکە سووتێنراو،
لە بەهەشت و لەسەر زەویی ئازارێکە نقوومی تەرەداو،

*تەرەداو: دەرکردن بۆ هەمیشە.

28.04.2007

* Michel Foucault: Sexualität und Wahrheit 2. Der Gebrauch der Lüste.